# تیرۆر بەرهەمی چەوسانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە

## بەشی یەکەم

نەزەند بەگیخانی

تیرۆریزم ئیمرۆ سنورە جوگرافییەکانی بڕیوە و بووە بە دیاردەکی جیهانی. هەواڵ و وێنەی تەقینەوە و کاری تیرۆریستی رۆژانە لەرێگای کەناڵە هەمەجۆرەکانی میدیاوە رادەگەیەنرێن هاوتا لەگەڵ وێنە و هەواڵەکانیش توندوتیژیی و ترسێک دێتە ناو ژیانی رۆژانەمانەوە. ئەو توندوتیژیانە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر باری سایکۆلۆژیمان. لە ماوەی هەفتەی رابردوودا و لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەرنامەی (تیرۆر وەک خۆی) و دانپێداهێنانەکانی شێخ زانا و یاوەرەکانی[1]، توندوتیژییەکان مەودایەکی دیکەیان بەخۆوە بینی: لە کاریگەرییەکی رۆتینییەوە کە رۆژانە پێی راهاتووین، ئیمرۆ کۆمەڵگەی کوردی لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان باس لە «هەژان» و «راچڵەکین» یێک دەکات کە وەکو بومەلەرزەیەک پانتایی کۆمەڵایەتیی کوردی هەڵتەکاندووە و باری دەروونی زۆر کەسی شێواندووە.[2]

سەرەڕای ئەمەش، جگە لەچەند دەنگێکی کەم کە هەوڵ دەدەن خوێندنەوەیەکیان بۆ ئەو دیاردەیە و کردەوەکانی شیخ زانا و باندەکەی هەبێ، زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە بە چین و گروپی جیاجیاوە کەوتوونەتە ناو دوو حاڵەتەوە: حاڵەتی بەرگریکردن لە خود و نەتەوەی کورد: «ئەمە لە کورد ناوەشێتەوە»، «کورد شتی واناکات و دەستی دوژمنی تێدایە»، لەگەڵ حاڵەتی هەستکردن بە شەرمەزاری: «نامووسمان چوو»، «ئابڕوومان چوو خۆزگە هەر بڵاو نەکرابایەوە»، ئەمانە وەڵامی زۆربەی ئەو کەسانەن کە لە تەلەفزیۆنی کوردستان TV لە رۆژی 15/ 7 لە «پەیڤی خۆت» بەرامبەر بە پرسیارێک لەسەر دانپێداهێنان و کردەوەکانی شێخ زانا دەبیستران. وەڵامی هەندێ نووسەر و رۆشنبیریش لە سایتە کوردییەکان لەم دوو حاڵەتە بەدەر نیە.

گروپە ئیسلامییەکانش بە شێوازی خۆیان هەست بە «سووکایەتیکردن بە قورئان و ئیسلام» دەکەن و بەرگری لە لە پاکیزەیی ئایینی ئیسلام دەکەن. بەڵام هاوتا لەگەڵ ئەو هەڵوێستەدا، ئسلامییەکان گوتارێکی جیایان دەربارەی کردەوەکانی شێخ زانا و یاوەرەکانی هەیە. هەفتەنامەی «کۆمەڵ» کە کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان دەریدەکات، لە سەرووتاری 16/ 7 دا باس لە کەمتەرخەمی دەسەڵات دەکات و رەخنە لە دەسەڵاتداران دەگرێ. هەروەها بە شێوازێکی دیماگۆژییانە مەسەلەکە دەقۆزێتەوە و بەناوی «دیموکراسییەت» و «شەفافییەت»ەوە داوای چارەسەر دەکات[3]. ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەندێک لە مەلاکانی مزگەوتی هەولێر هێرش دەکەنە سەر دەسەڵات و بڵاوکردنەوەی دانپێداهێنانەکانی شێخ زانا و یاوەرەکانی بە هەوڵی دەسەڵاتداران دادەنێن بۆ شێواندنی ئایینی «پیرۆزی ئیسلام»[4].

لێرەدا پرسیارێک کە خۆی رەپێش دەکات و پێویستە بکرێ ئەوەیە: ئەو زەمینەیە چییە کە تۆڕی تیرۆریستی شێخ زانای دروستکردووە؟ بە مانایەکی دیکە، هۆکارەکانی دروستبوونی گروپی تیرۆریستان چین؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسان نیە و بە قەد ئاڵۆزیی وەڵامی پرسیارێکی دیکەی گرنگ ئاڵۆزە: دەبێ چی بکرێ بۆ بنبڕکردنی تیرۆریزم و دووبارە نەبوونەوەی نمونەی وەکو شێخ زانا و تۆڕەکەی؟

ئەو دوو پرسیارە هاوتا دەبێ بکرێن و خۆشمان بەدوور بگرین لە وەڵامی سادە و قسەی پەنماو و خستنەڕووی چارەسەری کورت خایەن. دیاردەی تیرۆر بەو شێوەیەی کە لە لایەن شێخ زانا و باندەکەی پیادەکراوە، پێویستی بە خوێندنەوەی فرە رەهەند و زانستی هەیە کە لە رووی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەوە لێی بکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوەی قووڵ لەوانەیە بمانگەیەنێتە تێگەیشتن لە مەسەلەکە. تێگەیشتنیش بەو مانایە نا کە پاکانە بۆ کردەوەی تیرۆریستان بکرێ؛ توندوتیژیی هیچ کات و لە هیچ شوێنێک نابێ پاکانەی بۆ بکرێ. بەڵکو تێگەیشتن لە پێناوی

---

[1]. لێرەدا من وشەی یاوەر بەکار دەهێنم کە بە قەناعەتی من لەگەڵ کۆنتێکیست و پێکهاتەی گروپەکەی شێخ زانا دەگونجێ لە رووی پەیوەندی و ئایدیۆلۆژیاوە.

[2]. بە پێی هەواڵێکی «کوردستانی نوێ، 19/ 7، ل3» لە ئەنجامی بینینی بەرنامەی «تیرۆر وەک خۆی» ژمارەیەک هاووڵاتی پاڵەپەستۆیان بەرزبۆتەوە و باری دەروونیان تێکچووە و گەیەنراونەتە بەشی ئیمێرجینسی لە نەخۆشخانەی هەولێر.

[3]. بڕوانە هەفتەنامەی کۆمەڵ، 17/ 7/ 2005، ل 1_2.

[4]. بڕوانە: میدیا، 19/ 7، 2005، ل 1.

دیاریکردنی ئەو میتۆد و پلانانەی کە پێویستە لە هەوڵەکانمان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر لەبەر چاو بگرین و لە پرۆگرامی کار بۆ بنبڕکردنی دیاردەی تیرۆریزم بەکار بهێنرێن.

زۆر بەداخەوە لە پانتایی میدیای کوردی و هەروەها لەسەر ئاستی سیاسیی کوردیدا خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەند و زانستی بەدیناکرێت. هەر ئەمەش وایکردووە تێگەشتنمان بۆ دیاردەکە کەم بێت و بە تووڕەیی و بەوپەڕی هەستکردن بە شەرمەزاری بکەوینە بەرگریکردن لە کورد و ئیسلام وەکو دوو یەکەی پاکیزە و دابەشنەبوو. بەمجۆرە خۆمان لەو هەستە ئاڵۆز و سەرلێشێوێنەرە بەتاڵ دەکەینەوە کە دانپێداهێنانەکانی شێخ زانا و یاوەرەکانی و لەناوماندا وروژاندوویانە و لەوانەیە دوای چەند رۆژێک مەسەلەکەمان بە تەواوی لەبیر بچێتەوە. ئەمەش زەمینە خۆش دەکات بۆگەشەکردنی تێرۆر و سەرهەڵدانی نمونەی دیکەی وەک شێخ زانا و تۆڕە تێرۆریستەکەی.

من لەگەڵ ئەو رایە دانیم کە دەڵێ شێخ زانا و یاوەرەکانی مرۆڤی نەخۆش و سادی و فاسد بوون و جیان لە تێرۆریستی ئیسلامی کە سەر بە ئایدیۆلۆژیایەکی روون و دیارکراون. راستە ئەگەر لەرووی سایکۆلۆژییەوە لێی بکۆڵینەوە، ئەمانە کەسانی نەخۆش و فاسدن، بەڵام تێرۆیست دابەش ناکرێ بەسەر مرۆڤی ساغ و نەخۆش، بەخشندە و شەڕانگێز، پیاوچاک و فاسد. هەموو ئەوانەی سەر بە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسین، ئامانجیان سەپاندنی بیروباوەڕی توندڕەوی خۆیانە. بۆ بەدیهێنانی حەزەکانیان و گەییشتن بە مەرامیان ئامادەن هەموو جۆرە توندوتیژییەک بنوێنن. ئەمانە کەسانێکن سەر بە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و بەهایەکی مرۆڤانە نین و پڕن لە رق و کینە و حەزی مەرگ. ئەمانە لەگەڵ خۆیان و کۆمەڵگە و ژیان نامۆن و بە لەناوبردنی بەکۆمەڵی خەڵک و لاقەکردن و ئەتککردن و سەربڕینی خەڵک چێژ وەردەگرن، سەرفراز دەبن.

توندوتیژیی و هەر دیاردەیەکی دیکە لەناو کۆمەڵگە بە بێ هۆکار دروست نابێت؛ دینامیکیەتێک هەیە لە نێوان دیاردەکان و کۆمەڵگە. واتە توندوتیژیی لەناو کۆمەڵگەی کوردی و بەو شێوازەی لەو قۆناغە تایبەتییەدا پیادە دەکرێ، بەستراوەتەوە بە تایبەتمەندیی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکەمانەوە. دیارە هۆکاری ناوچەیی و نێونەتەوەیش رۆڵی خۆیان دەبینن.

کوردستانی عێراق لە ماوەی حوکمڕانی رژێمی بەعسدا بەرەوڕوو هەموو جۆرە توندوتیژییەک دەبووەوە. هێرشەکانی ئەنفال پیادەکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی فاشی دڕندانە بوو لەسەر کۆمەڵگەی کوردی؛ فیلم و بەڵگەنامە دەستگیرکراوەکانی زیندانەکانی بەعس کە لە راپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی 1991 دا کەوتنە دەست خەڵک پڕ بوون لە دیمەن و سەرگوزەشتەی تایبەت بە تەعەددای جنسی و ئەتککردن و سەربڕین و زیندەبەچاڵکردن و پارچە پارچەکردن تا دەگاتە رشاندنی کورد بە گازی کیمیایی. لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە دڕندەیە، «بزووتنەوەی رزگاریی نەتەوەیی» کوردی شەڕی چەکداری وەکو هۆکاری بەرەنگاربوونەوە پیادە دەکرد. ئەگەرچی ئامانجی شەڕی چەکداریی کوردی لەو سەردەمەدا بۆ «رزگاریی نەتەوەیی» بوو، بەڵام وەکو هەموو شەڕێک پڕ لە زەبروزەنگ و خوێناوی بوو. ئەم مێژووە پڕ خوێنە مۆرکی خۆی لەسەر کەسایەتی و سایکۆلۆژییەتی مرۆڤی کورد بەجێهێشتووە کە تا ئێستا هیچ کاری بۆ نەکراوە بۆ تیمارکردنی. بە پێچەوانەوە، ساڵەکانی نەوەد کە کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی بەعس رزگاری بوو و فەرمان لە دەست کورد خۆی بوو، مەودایەکی خوێناویتری بەخۆیەوە کە لە شەڕی خۆکوژیی نێوان پارتی دیمکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندا خۆی نواند. شەڕی خۆکوژیی کوردی جگە لە پیادەکردنی کوشتن و فەلاقەکردن و ئەتککردن لەناو خودی شارەکان، بێهوودەیی و نامۆیی و نائۆمێدییەکی زۆریشی لە دەروونی خەلک دروستکرد، رۆحی مرۆڤی کوردی گەچراند هاوتا لەگەڵ شەڕی براکوژی و نەبوونی ستراتیژییەتێکی کوردی بنیاتنەرانە بۆ چاککردنی بارودۆخی دوای راپەڕین، هەژاریش لەناو خەڵک گەشەی کرد. لە کاتێکدا کۆمەڵگە لە قۆناغی گرفت و قەیرانی رۆحی و دەروونی و ماددیدا خەڵت ببوو، لە کاتێکدا سەرکردە کوردییەکان خەریکی شەڕی خۆکوژی و پراکتیکی حەزی تاکڕەوی خۆیان بوون، بۆشاییەکی گەورە لەناو کۆمەڵگە دروست بوو کە مەلا نەزان و هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان قۆستیانەوە. ئەوانە بە یاریکردن بە هەست و سۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک، کەوتنە خۆ رێکخستن و خۆپڕچەککردن و راکێشانی خەلک بۆ ناو مزگەوت و تەکییەکان و ئایدیۆلۆژیای خۆیان بەسەردا دەسەپاندن. دەسەڵاتی سیاسیی کوردی هیچ بەرنامەیەکی نەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزانە، بە پێچەوانەوە بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی حیزبی و راگرتنی پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی توندڕەوی وەکو ئێران و سوریا، هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردی کەوتنە داڵدەدان و دڵنەواییکردنی ئەو هێزە ئیسلامییە سیاسییانە. سیاسەتی مساوەمە و سازش لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکان تا ئێستاش بەردەوامە[5].

---

[5]. نمونەیەکی دیاری ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتی کوردی بە پارتی و یەکێتییەوە ئیمرۆ لە پەیوەندییان لەگەڵ سەرۆکی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان عەلی باپیردا دەردەکەوێ کە دوای ئازادبوونی لە زیندان سەرکردایەتی هەردوو لا پێشوازییان لێکرد و وەکو سەرکردەیەکی باڵا رەفتاری لەگەڵدا دەکەن.

شەڕی خۆکوژیی کوردی تەنها لەو ئاستەدا زەرەری لە کۆمەڵگەی کوردی نەداوە، بەڵکو دابەشبوونی کوردستان و بوونی دوو حکومەت و دوو دەزگای ئاسایش، ڕێگر بوون لەبەردەم داڕشتنی ستراتیژییەتێکی لەبار و پرۆگرامی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم. بە پێچەوانەوە، بارودۆخی سالآنی شەڕی خۆکوژی فەزایەکی گۆنجاوی ڕەخساند بۆ تێرۆریستان تا بە ئازادانە کار بکەن. بە پێی ڕاگەیاندنێکی حاکم قادری سەرۆکی ئێستای شارەوانیی سلێمانی، شێخ زانا لە ساڵی 1996 لە لایەن هێزی ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەستگیر کرابو و بە توهمەتی تێرۆریستی لە زیندان بوو. بەڵام دوای هاتنەوەی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەولێر و بەهۆی «بارودۆخی تایبەتی ئەوسای کوردستان»[6] شێخ زانا لە زیندان دێتە دەرەوە. لەو کاتەوە شێخ و یاوەرەکانی خەریکی تێرۆر و لەناوبردنی خەڵکن، کەچی دەماری حیزبایەتی و تاکڕەوی سەرکردە و لێپراسراەکانی ئاسایش ڕێگای نەداوە تەنسیق و هاوکاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریستان لە نێوان یەکێتی و پارتیدا هەبێت.

**ماویەتی**

[6]. بڕاونە: کوردستانی نوێ، 2005/7/19، ل 1.